# بێدەنگی کەنارەکان

جوتیاررانیەیی

ئەمشەو , لەگەل
هەناسەکانی دەریادا ... دەمەوێ
سەما بۆ گریانەکانی تۆ بکەم
گەرەکمە لەگەل
فرمێسکە چندراوەکانی
تۆ دا
تەمەن گرێ بدەمو  بە بەژنی
پەیامە نەگریسەکاندا
سەر بکەوم........
ئاخ خ خ خ  مەنفای زامە نهێنیەکانی
رۆح
لە رەوەندی سەر کێشە نابیناکاندا
چ  هەنگاوێکی عەجول
بووم
کەچی تۆ...  منت  لە غوباری
ئەو  زەمەنە ئەهوەندەدا  جێهێشت
کە ئازارەکانی
هۆشمی بە لەزەتی  ئەو بوونە  ئاشنا کرد,
بۆچی ویستت  ؛ لە هیلاکی
تەنیایم دا  تێکستەکانی  قەدەر
بگۆری و
نهێنی ماچە پر لە سیحریەکانی
خودا  بدرکێنی
بۆچی ...؟!
بۆیە  ئەوشەو  ئەبم  بە نهێنی
ناو لەپی  ئەو دەستەی  کە بە نیگای
فالگرەوەیەک  نایەتە دوان و
بە نزایەک
رەها نابێ  ,
ئەوشەو  ئەبم بەو چاوە

© Kurdistan Nêt

www.kurdistannet.org
16/05/2002 00:24

زەلیلەی
کە لە گومانەکانی ناخی خۆی
ئەروانێ ,
تا بزانێ لەو دیو ساختەکانی
فالگرەوەو خودادا
چی ماوە
بۆ ئەزەلی ئێمە و ئەبەدی
تاریکیەکانی مەرگمان
بە بێدەنگی
حەشار درابێ .......

ئۆگوستی 1998

© Kurdistan Nêt